# ئه ده بیاتی كوردی له زه مانی عه وله مه دا .......!!!

ئه گه ر به ووردی چاوێک به مێژووی ئه ده بیاتی كوردی دا بخشێنین له رووی بڵاوكردنه وه ی بابه ت و به رهه می ئه ده بی جۆراو جۆر،ده توانین چه ند قۆناغێک جیا كه ینه وه كه تێی دا ئه ده بیات جۆره كزی ێكی به خۆوه بینیووه یاخود به پێچه وانه وه گه شه ی كردووه. ئاشكرایه لای زۆربه مان كه باری رامیاری كوردستان له و قۆناغانه ی كه ئاماژه م پێ كردن رۆڵێكی سه ره كیان هه بووه، بۆ نموونه ئه گه ر بێین سه رنجی ئه ده بیاتی كوردی بده ین له سالانی پێش به یانی 11 ئادار به هۆی ناهه مواری باری رامیاری كوردستان له و سه رده مه دا؛ ده بینین كز بووه،له دوای به یانی 11 ئادار دا بۆ ماوه یه ک به شێووه یه كی سه رنج راكێش گه شه ی كرد .هه ر ئه وه بوو چه ندین گۆڤارو رۆژنامه به شێووه یه كی ئازادانه ده ر ده چوون هه تا هه ڵ گیرسانه وه ی شۆڕش له ساڵی 1974 له دوایدادیسانه وه به ره و كز بوون چوو .

سه ردمی ئێستامان كه به زه مانی عه وله مه ناسراووه و باری رامیاری كوردستان له باشوور تا ڕاده یه ک باشه و بۆ بڵاوكردنه وه ش كێشه ی سان سۆرو ترسی تێ هه ڵدانو گرتنمان نه ماووه، ته ماشا ده كه ین ئه ده بیاتی كوردی له سایته كان خه ریكه جیا ناكرێته وه له گه ڵ قسه ی بازاڕی. لێره دا مه به ستم ئه وه نیه كه رێگه له نووسه ری تازه پێگه یشتوو بگیرێ، چوونكه به خۆشم یه ک له وانم و ڕه نگه هه ڵه ی لا به لای بچووک بكرێ جاروبار، ئه وه ش هه تا نووسه ره گه وره كانیش مان به و هه نگاوانه دا تێپه ڕیون ده تواندرێ چاووپۆشی لێ بكرێ. به ڵام هه رگیز ناتواندرێ چاووپۆشی له تێكدانی بنه ما سه ره تای یه بنه ره تیه كانی نووسین بكرێ.جاری واهه یه سانا ترین بنه ره تی نوسین كه پێک هاتووه له : سه ره تا،ناووه رۆک،كۆتای، له نوسینه كاندانابینم، به كارهێنای ووشه ی سه یر سه مه ره و بێگانه وات لێده كا

وابزانی لـه سه رده مـی ئـه ده بیاتـی رۆمانتیکی دا ده ژی، ئـه مانـه هـه مووی لـه لایێک وه ئـه وجۆره باووه ی ئـه ده بیات کـه ئێستا بالّـی کێشاوه بـه سـه ر نووسینـه کان کـه ئـه ویش ڕه خنـه یـه لـه لایـه کی تر. لێره دا مـه بـه ستم لـه ڕه خنـه ئـه و جنێودانـه نیـه کـه کوردستان پۆست نانـی پێوه ده خوا، چوونکـه ئـه مـه دووره لـه ڕه وشتـی کورده واری و هیـچ چوارچێووه یـه کی بۆ نادۆزرێتـه وه لـه گێره شێوێنـی و بـه د ڕه ووشتـی زیاتر، بـه ڵکو مـه بـه ستم لـه و نووسینانـه یـه کـه گۆشـه ی بابـه تـه کانـی پێ پڕ ده کرێتـه وه و بـه دووره لـه جنێوو سوکایـه تـی پێ کردن.

ئاشکرایـه ئـه و کـه سـه ی شێوازی ڕه خنـه هـه ڵده بژێرێ، ده بێت مرۆڤێکی ڕۆشن بیر بێت و هـه گبـه کـه ی پڕ بێت لـه زانیاری، بـه لایـه نـی کـه مـه وه لـه و بابـه تـه ی کـه ڕه خنـه ی لـیَ ده گرێ. هـه ره مـه کی ڕه خنـه گرتن و نـه زا نین لـه شێوازه کـه ی هیـچ جیاوازی نیـه لـه گـه ڵ چـه قۆ وه شاندن لـه نێو کۆمـه ڵێک خـه ڵکدا، چوونکـه کـه چۆن ئـه و ده بێتـه هۆی بریندار بوونـی جـه ستـه ی خـه ڵکی بـه هـه مان شێووه ره خنـه ی بێ بنـه ما خـه ڵکی بریندار ده کا بـه ڵام ئـه مجاره یان لـه باری ده روونـی و هـه ستـه وه. ئازادی بیرو ڕا، دیموکراسي، لـه
هیـچ شوێنێک پێناسـه نـه کراوه کـه بـه ناوی ڕه خنـه مافی مرۆڤ پێشێل بکرێ، ئـه مـه بێجگـه لـه وه ی کـه شێوازی ڕه خنـه لـه ئـه دبیاتـی کوردی بـه شێوه یـه کی وا ده شێوێندرێ کـه خزمـه ت بـه گـه ل و بـه ئـه ده بیاتـی کوردی ناکات.

لـه کۆتایدا ده ڵێم کاتـی ئـه وه هاتووه کـه بـه رهـه مـی ئـه ده بی لـه ده ربرینـی هـه ستێک بـه نووسین جیابکرێتـه وه، بـه لایـه نـی کـه مـه وه دوو گۆشـه ی جیا دروست بکرێ لـه ماڵ پـه ڕه کان، بۆ ئـه وه ی نـه ئـه وان لـیَ یان تێک بچێ کـه نوسـه رن، وه نـه خوێنـه ریش سـه رو دڵـی بگیرێ.

چەلەنگ بەرزنجی